
# چیرۆکەڵە

حەفتەنامەیەکی ئەلیکترۆنی تایبەت بە چیرۆکی کارگەییە؛ نها.

**ژمارە ١٩ـ ٢٨ی گوڵان ٢٧١٨**



**چیرۆک نووسانی ئەم ژمارەیە:**

زانا شەریفیان
غەفوور ساڵحی
پەروین شێخی
بیژەن ڕەحمانی
موحسین سوبحانی
ناسر فەتحی
شەرمین ساڵحی

**چیرۆکی میوان:**

ڕزگار لوتفی

**بەتامی چیرۆک:**

لاپەڕە ٣٠...

**وێنەی ڕووبەرگ:**

مەسعوود حەسەنزادە (غەمیار)

**ئامادەکاران:**

**ئەمیر سیراجەدین**
**ناسر فەتحی**

RAWEZHISM

# چیرۆکەڵە

**حەفتەنامەیەکی ئەلیکترۆنی تایبەت بە چیرۆکی کارگەییە؛ تەنها.**

(ئەم ژمارەیەی چیرۆکەڵە پێشکەشە  بە بەرخۆدانی بانە)

- چیرۆکی کارگەیی
- چیرۆکی میوان
- بەتامی چیرۆک
- ئامادەکاران:

ئەمیر سیراجەدین
ناسر فەتحی

٢٨ی گوڵان ٢٧١٨

ئامادەکردن و بڵاوکردنەوەی؛ لاپەڕەی هونەری و ئەدەبی ڕاوێژیسم

## «ئەمدیو کۆ ئەودیو»

قەت کەس لە ڕووبەڕووەوە نەیدیتبوو. دەتگوت هەردووک بەری پشتە.

ئاخرییەکەی ڕۆژێک دەرفتم بۆ هەڵکەوت کە خۆمی بگەیەنمێ و لە ڕووبەڕووەوە سەیری بکەم.

سەت هەنگاوی لێ دوور بووم، کە خێراییی ڕۆشتنەکەی کەم بووەوە.

کوتووپڕ لە بەرەوژوورکایی تولەڕێیەک لەترێکی لێدا و بەلای چەپ دا لار بووەوە. بە هێوری، بە داربەڕوویەکی نێوقەدپانی خۆڕسک خۆی گرتەوە. هەروا وەک لە کارەبات دابێ، لارەولار لەجێی خۆی وشک بوو.

لێی نزیک بوومەوە. ڕاوەستام. دڵم لەسەر هەوای شەش لەسەر هەشت لێی دەدا. سێ هەنگاوی دیکەم بهاویشتبوایە، دەمتوانی وەرسوورێمەوە و بەخۆشحاڵییەوە لە ڕووبەڕووەوە ببینم. بەڵام هەرکە هاتم لە ڕۆیشتن بەردەوام بم، دەنگێک لە دروونمەوە پێی گوتم: "ڕاوەستە! نەکەی، وەپێشی نەکەوی! چۆن ڕێگە بەخۆت دەدەی شانازیی هەمیشە پێشەنگ بوونی لێ بستێنییەوە؟! ڕەوا نییە وەپێش پیرەپیاوێک بکەوی کە دیار نییە چ شتێک لە کێبڕکێی خستووە!"

بە پاساوی یارمەتی دانی، هەنگاوێکی دیکەم بە دوڕدوونگییەوە هەڵهێناوە. لەپڕ دەنگێکی خەفە گوتی:"ڕاوەستە! نەکەی وەپێشم نەکەوی! من پێکراوم! کەوتووینە کەمینی قەنناسەوە!"

هەرکە ئەو قسەیەی کرد، وەک بلێی بۆ دڵنیایی بەدوای شتێک دا بگەڕێم؛ لەخۆڕا سەرنجم چووە سەر پێڵاوە ئادیداسەکانی. ئەو پێڵاوە ئادیداسانەی کە دەیانگوت کوڕەکەی لە هەندەران بۆی ناردووەتەوە و، هۆکاری ئازایی و خێرا ڕۆشتنەکانیشی هەر هی ئەوان بووە؛ هی ئۆرجینال بوونیان!

تەنیا هەنگاوێک لە هێڵە سوورەکەی سنوور تێپەڕ ببوو؛ ئەو هێڵە سنوورییەی کە پێشتر بەشێوەی وەهمی هەبوو و، ئاوا بەڕاستی دیاری نەکرابوو.

بارەکەی دانەدەنا؛ دەتگوت دەیهەوێ بە قورسایی بارەکەی دوایین دڵۆپی خوێنی جەستەی بچۆڕێتەوە!

خوێن لە بنی پێڵاوە ئادیداسەکانییەوە جۆگەلەی بەست و بەسەر هێڵە سوورە سنوورییەکەدا تێپەڕ بوو و، بوو بە هێمایەکی زەقی کۆ لە مابەینی ئەمدیو و ئەودیودا!

**◆ ناسر فەتحی**




Martin Gommel

**«سنوور»**

هەموو ڕێگاکان دەگەنەوە بانە:

لەوەتی بنچینەی ئەو بازارە دامەزراوە دەستم لە دەستگێڕی ناو کۆڵانەکان هەڵگرتووە و بە حوکمی پیریمەوە لەبەر دووکانێکی جوملەی پۆشاک لە ناو بازاڕدا گیرساوم و هەموو ساڵێک لە بنێشتکەران بنێشتی کاڵ بە دەبە دەکڕم و بۆ خۆم دەیکوڵێنم و لە نایلۆنی بچووک بچووکی دەخەم و لەسەر تەختەسندووقێکی دادەنێم و دەیفرۆشم. ئەگەرچی کۆڵی من هێندە زەنگینانی ئەو بازاڕە کە کەل و پەل لەو وڵاتانە دەهێنن و دەیفرۆشن ڕەنگین نیە، بەڵام ئەوەندەم بەسە کە ماوەیەکە ماوام گرتووە و چیتر لە کووچەگەڕان کەوتووم.


ئەو ڕۆژەی دوای داخرانی سنوور کە کاسب و بازاڕییەکان مانیان گرت و دووکانەکانیان داخست و ڕۆیشتنە بەر فەرمانداری، منیش کە بازاڕ بەوجۆرە چۆڵ بایە دەبوو دیسان بکەومەوە گەڕیان، کەل و پەلەکەم خڕکردەوە و توورەکەیەکم هەڵگرت و بۆ ئەو شاخەی نزیک شار وەڕێکەوتم.

ئەو دەمەی من گەڕامەوە حەشیمەتێکی زۆر لەبەر دەرکی فەرمانداری شار کۆم ببوونەوە. فەرماندار بە خۆی و چەند کارمەندێکیەوە هاتبووە ناو خەڵک تا قسان ببیسێت و بەڵێن بدات. چەند کەسێک لەو بازاڕییە بەناوبانگانە چووبوونە پێشدەمی و قسەیان لەگەڵ دەکرد. چەندین کەسیش لەو ئاڵقەیەدا بە لاپیتە یان قاقەزێک هاتبوونە ناو مانگرتنەکەوە. سفرەیەکیش بە درێژایی شەقامەکە تا چەندین مەتر لەولاترەوە بە نیشانەی ناڕەزایەتی داخرابوو. نازانم ڕاوەستانی پیاوێکی کەنفتی وەک من بە توورەکەیەکەوە لە سووچێکی ئاپۆرەکەوە سەرنجڕاکێش بوو یا فەرماندار ویستی خۆی لە قسەوباسی ناو جەماعەتەکە دەرباز بکات کە لەپڕ بەرەوڕووم هات. بە هەڵکەوت بوو کە پێش ئەوەی من بچمە لای ئەو هات تا بمدوێنێ. بە خۆی و ئەو کارمەندانەی و لەناو سەرنجی خەڵکدا هاتە پێشدەمم. کوڕێکی گەنجی خۆشدەمودوو بوو. لەوانە بوو تازە سیاسەت فێری کردبوو چۆن بزە بخاتە سەر لێویەوە. بە هەمان بزەوە ڕووی دەمی کردە من کە بە چۆخەوڕانەکێکی تۆزاویەوە دەستەی توورەکەکەم کردبۆوە مەچەکم و بە هەر دوو دەست بەسەر گاڵۆکەکەمدا نووشتابوومەوە. وەک کەسێک بمناسێ و جارێک لەو بازاڕە سنوورییەدا بنێشتی لێ کڕیبێتم بە لاقرتییەکەوە کە گوایە تۆ نە لە کاسب ئەچی و نە لە خاوەن دووکان، لە هۆکاری هاتنم بۆ ئەوێی پرسی. بێ ئەوەی بۆم گرینگ بێت ئەو چۆن بیر ئەکاتەوە بەسەر

گاڵۆکەکەم هەستامەوە و توورەکەم لە مەچەک دەرهێنا و کردمەوە و چڵێکی دارەبەنم بە چەند جوانەلقی قەزوانەوە دەرهێنا و دامەدەستی و گوتم:

بمبوورە ڕۆڵەگیان! داربەنەکە زۆر برینی قورس بوو بۆم نەهات! ئێمە بە شیلەی ئەمەش خۆمان دەژێنین!

◆ موحسین سوبحانی



مەسعوود حەسەنزادە(غەمیار)

## «مامارام»

ئەو پەتایە ٢١ سەعات بوو ڕوویکردبووە بانە. ٢١سەعات؟! نا، نا ٢١ڕۆژ. ڕەنگە ٢١ ساڵ! ڕەنگە زیاتریش. نازانم. باسەکە خەریکە کۆن دەبێ و هەر ئەوەندەم لەبیرماوە. هەر باشە ئەوندەشم لەبیرماوە. پەتاکە لە برینێکەوە هەڵیدا. زامێکی نادیار. برینێکی شاراوە لەژێرتەنکایی پێستی ژێر باڵی ڕاستی هەموو کوڕ و کچ و ژن و پیاو و گەورەو بچووکی شارەکەم. بە گوندەکانیشەوە. بگرە زۆر بەولاتریشیەوە. لە ژێر تەنکایی پێستی شار و دێ، برینێک بە ڕەنگێکی سووری تێر، خۆی دەنواند. بەڵێ! هەرلەژێر پێستەوە و هیچیتر. کەس نەیدەوێرا دەست بۆ زامەکەی خۆی بەرێ. ئەوەی دەستی بۆ بردبا، تووش کێشە دەبوو. کە زۆریت بۆ بهێنایە دەگەیی. دەکولایەوە و وەک دمەڵێکی نەرم، دەمیدەکردەوە. منداڵەکانیش هەر بەو زامەوە لەدایک دەبوون.

دایکەکان هوشیار بوون. شێوەی چاودێری ئەو زامەیان، لە بەرنامەی ڕاهێنانی منداڵەکانیاندا گونجاندبوو. فێریان دەکردن چۆن ئاگاداری پاراستنی زامەکەیان بن. وا کە بەئەنقەست دەستی لێنەدەن و تەنانەت لە کاتی حەمام و خۆشۆردندا وریابن نەیکولێننەوە. زانستی پزیشکیش هەتا ئەو کاتە لە هۆکارەکانی سەرهەڵدانی ئەو زامە، سەریان تەقەی لێدەهات. لە بیمارستانەکانیش بەشێکی ئۆرژانسی تایبەتییان بۆ پێشگری و بەرپەرچدانەوەی خەتەرەکانی دوای کولانەوەی زامەکە دامەزراندبوو. برینێک کە ئازاری هەبوو، بەڵام نەک لە ڕادەی کوشندەبوون. دەمێک بوو ئەو برینە هەبوو، بەڵام هەموو لەگەڵی ڕاهاتبوون. دراوسێیەتی و دۆستایەتی ناخۆش نەبوو، مەگەر ئەو کاتەی بتکولاندایەوە. ژیان کەم و زۆر، بەردەوام و بڕێک ئاسایی بوو. ساڵانێک بوو خەڵکی شارەکەم، سەرەڕای هەست بە ئێشی ئەو زامە، لە هیچ بۆنەی خۆشی و شادییەکدا، کەمیان نەهێنابوو. منداڵەکان زۆر دەربەستی نەبوون. جوانەکانیش هەتا ماوەیەک لەمەوپێش باش دەرەقەتی هاتبوون. لێ پیرەکان، بەتایبەت ئەو پیرانەی کە فرە کۆڵیان بە دنیاوە هەڵگرتبوو، زۆرجار بەرگەیان نەدەگرت.

٢١ڕۆژ لەمەوپێش، نازانم ڕۆژ بوو یان شەو، لێم تێکچووە؛ دەبێ شەوڕۆژان بووبێت. ٢١شەو، یان تۆبڵێ ٢١ڕۆژ لەمەوپێش، تێکڕای خەڵکی شارەکەم بە ورد و درشت و فەقیر و دەوڵەمەندەوە هەستیان بەوەکرد کە ئێشی برینە شاراوەکەی ژێرباڵی ڕاستیان، بەرەو زیادبوون دەچێت. وەک برینێک کە قۆناغی نەهێنی و شاراوەیی بەسەرچووبێت و ئێستا بە کولانەوە و دەم کردنەوە، چووبێتە چاخێکیکەوە. ئێستا ئیتر، ئێش و ئازاری ئەو پەتایە ئێجگار

زۆرە! ئەوەندە زۆر، کە زۆربەی خەڵکی بەرگەی ناگرن. بەتایبەت لاوەکانمان. ئەو لاوە هەست ناسکانە کە هەموو ئازایان هیوایە و خولیای گەیشتن. گەیشتن بەو جێگایەی حەزدەکەن پێیبگەن. لە گشت بەهرە و تواناکانیان کەڵکیان وەرگرتووە؛ هەموو بارێکیان بەتاقی کردۆتەوە، گشت ڕێگاکانیان پێواوە، کەچی نەیگێشتوونێ. نازانم ئەو جێگایەی ئەوان دەیانهەوێ پێیبگەن کوێیە و چۆنە. ئەوە دەبێ لە خۆیان پرسی. ئەوەندە دەزانم ئەو جێگایە بۆ ئەوان بۆتە شوێنێکی ڕەمزاوی و نەناسراو. هی وا هەیە پێی نزیک دەبێتەوە، کەچی هەرچی دەکا و دەکۆشێ، نایگاتێ. بڕێکیان دەشیگەنێ، کەچی هۆکارە دیار و نادیارەکان دەیشێوێنن و لێیان تێکدەدەن. گشتیان ناچار دەبن بگەڕێنەوە. دەست لە سەفەر بۆ ئەو شارە ئەفسووناویەیان هەڵدەگرن. هەڵدەگرن؟! نا،نا، وا زوو دەسهەڵناگرن؛ بەڵام دێر یا زوو ناچار دەبن دەسبەردار بن. ئەوسا ئیتر، هەرگیز سەفەر ناکەن. ئەوە بۆوان زۆر ناخۆشە. هیچ شتێک لەوە ناخۆشتر نییە، کە لە سەفەر بێزار بیت. ئەوان بۆخۆشیان دەزانن، کەسێک سەفەر نەکات، مردووە. کەچی سەفەر ناکەن. ئەو خێڵە ئیدی دەسبەرداری سەفەرەکانیان بوون و دەبن. خێڵی بێزار لە سەفەر، ئێستاکە لە بانە زۆر بوون. خەڵکی ناویان ناون، خێڵی "گەبەرە وەیلانەکان". سەردەمێکە ئەوان پێکەوە ماڵیان گواستۆتەوە. گشتیان پێکەوە ماڵیان ڕاگواستووە. گشتیان ڕوویانکردۆتە ئەو تاقە دیوە. تاقە ماڵێک کە بۆخۆشیان لێی دڵنیا نین. دایک و باوکەکان زۆر لەوە ترساون ڕۆڵەکانیان لەو ماڵە ڕووخەکەدا بمێننەوە.

پێرێ بوو. سەعات شەش و سی و سێ خولەکی دوانیمەڕۆ. جەماعەتێک لەو دایک و باوکانە لە دەوری مەیدانەکەی پارکی شار، لەمبەر پردەکەوە لە شانی کوێستانچییە گیافرۆشەکانەوە کۆببوونەوە. ئەمساڵ بەهۆی کولانەوەی برینە کۆنەکەوە، گژوگیای کوێستانەکان زۆرتر کەوتوونەتە بەر مەترسی لەناوچوون. ئێستا ئیدی، شوێنی گیافرۆشەکان جمەی دێت. زۆرجار لەوانەیە ڕێژەی گیافرۆشەکان لە کریارەکانیش زیاتر بێت. بۆنی عەتری گژوگیای بەهاری، ئەو ناوەی داگرتبوو. بەڵام خەڵکی بۆنی عەترەکە ناکەن. دایک و باوکەکانیش. دەردی کولانەوەی ئەو زامە، گەلێک زۆرترە لەوەی هەست بە بۆنە خۆشەکان بکەن. گوێملێبوو باسی ئەو ماڵەیان بوو. ماڵی خێڵی گەبەرە وەیلانەکان. باسی ئەو ماڵە نائەمینەی منداڵەکانیان تێیدا دەژیان. گوێم لێبوو یەکیان دەیگوت:« دەترسم، زۆر دەترسم. دەترسم بەسەریاندا بڕوخێت و تاقیان لێدەرنەچێت.» پیاوێکی بەڕواڵەت پیری جامانە بەسەر، کە شانەکانی هەوایەک دانەویبوون و جوان دیار بوو ئەو چەمانەوە

و ئەو سەر و ڕیشە  بەجارێک سپییەی، بە تەمەنی نەدەخوارد، هاتە گۆ:«جا بابە چۆن نارووخێ؟! ماڵێک، کۆی کەرەسە و داروپەردووەکەی لە لۆکە بێ چۆن نارمێ. لۆکەیەکی کە لە جنسی مادە کیمیاییەکان سازکراوە. هەر لە جنسی نەوت. چاوتان لەوە نەبێ ئەو لۆکە لە قاڵب گیراوە و، خشت و ڕێکوپێک سەریەک نراوە. ئەو ماڵە بێ ئەستوونە. دیرەکەکانی تەنها ئەو چواردیوارەی دەوری ماڵەکەن و بەس. نەوع و ماکەکەی هەر لەو لۆکە نەرمە کیمیاویەیە. دەی ئەو دیوارە نەرمە لۆکەیە چۆن بەرگەی ئەو بانە قورسە گڵێنە دەگرێ. ڕایناگرێ کاکی من ڕاینا گرێ و بەسریاندا دەڕووخێت و تەواو. دەڕووخێت و ئێمەش هیچ دەسەڵاتێکمان نییە. تەنها دەبێ چاوەڕوان بین و بەس. هیچ شتێکیش لە چاوەڕوانی دوای بێدەرەتانی، سەختتر نییە.» من ئەو پیاوەم دەناسی. خەڵکی ناویان نابوو "مامارام". ئەو کاتە نەمدەزانی بۆچی مامارام ی پێدەڵێن.

دایەگەورە بە گوژم و گوڕ هات. تەمەنی هیچ نەبێ سەتەیەکی تێپەڕاندبوو. نازانم چۆن دوای کولانەوەی برینەکەش بەرگەی گرتبوو و هەرمابوو. من ئەو پیرە دایکەم قەت نەدیبوو. بەلەچک و سەرپۆشێکی سپییەوە هات. سەرپۆشێک کە وەک باڵاپۆش، هەتا خوار ئەژنۆکانییەوە شۆڕ ببووەوە. سەری دەلەقاند، وەک تکا لەو خەڵکەی بکات ڕێگای بۆ وەکەن. نەرم و بەپەلە، بە دوو دەست و دوو شان، خەڵکەکەی لادەدا. گورج و گۆڵ، لە ناو ئەو هەموو حەشیمەتەدا ڕێگای خۆی کردەوە. خۆی گەیاندە جێگەی قسان. دایکی چی! پێموابێ ئەو دەمێک بوو لە پلەی دایکانە



تێپەڕ ببوو. لەوانەی کە زۆرجار پێیان دەڵێن، تۆ تماشای کە! بەوەش دەڵێن زیندووە؟ وەڵڵا برا ئەوە هەر بەشی زیندوەکان دەخوا. بۆ ئەوە دەبوو نەک پلەی نەنکانە، بەڵکوو زۆر بەرەوسەرتریشی پێ ببەخشرێت. نەک قۆناغێک، پێم وابێ گشت قۆناغەکانی ژیانی تێپەڕاندبوو. هەر مابووی بڕوا، بەڵام نەڕۆشتبوو. دەتگوت کارێکی نەکردووی ماوە، کە فریای نەکەوتووە بیکا، بۆیە ماوەتەوە. پێم سەیربوو، چەن بەگوڕ هات و جێگای خۆی کردەوە، لەوەش بەگوڕتر هاواریکرد:

«گوێملێبگرن خەڵکینە! من ئەمشە خەوێکی ئاگرینم دی. ئاگرێکی هەرە گەورە و زەبەلاح؛ ئەویش لە ڕۆژێکی جوانی هەساوی بەهاریدا. شینایی ئاسمانی شارەکەمان، بە پەڵە پەڵە هەوری پەمەیی ڕازابۆوە. لەو ڕۆژە جوانەدا لەناکاو ئاگرێک کەوتەوە. ئەو ئاگرە تۆقێنەرە لە زەوینەوە تەشەنەی سەند. لە شوێنێکەوە، لە ناوەندی ئەم شارەوە. ئاگرپژێنێک بە هەزاران هەزار بڵێسەی ترسێنەرەوە. نووکی هەر بڵێسەیەکی، دەتگوت تروپکی کێوێکی ئاگرینە. خەوم بە گڕکانێکەوە دی بە نووکی بڵێسەکانی ئاسمانی دەلستەوە. لەگەڵ هەر لستنەوەیەکیش، ئەو بەشە لە ئاسمان، دەبووە پەڵەیەکی سوور. لەو شوێنانە کە بڵێسەکان دەگەیشتنە هەورە پەمەییەکان، یەکپارچە دەبووە حەشروحەلایەکی ئاگرین. دەبووە گڕکانێکی تووش و تووڕە و پاڵی بە پەڵە سوورەکانەوە دەنا. ئەوەی سرنجی منی زۆر ڕاکێشا ئەو تاقە تاقە پەڵە هەورانە بوون کە وەک لۆکە، هەر بۆیە لەوێ داندراون کە ئاگرەکە زۆرتر خۆش کەن. سوورایییەکان هەر دەهاتوو لێک نزیک دەبوونەوە. جۆرێک کە هێندەی پێنەچوو گشت پەڵە سوورەکان، پێکەوە لکان. ئیتر تاقە خاڵێکی شینایی لەو ئاسمانە گەورەدا بەدینەدەکرا. پۆشەنێکی سووری تێر هەموو ئەزمانی داگرت. ئاسمان بوو بە کڵاوێکی پان و پۆڕی سوور. بووە ساجێکی زەبەلاحی سوورەوەبوو بەسەر شارەکەمانەوە! دەی ئەمە ڕۆژەکەیە ئێمەی تێکەوتووین. خەڵکینە ئێمە پێویستمان بە چارەسەر و پلانێکی ئاگربڕە، ئاگربڕ. ئێستا کە بیری لێدەکەمەوە ئەو ئاگرکەوتنەوە ڕاستە. لۆکە ئاگر خۆشکەرەکان ڕاستن. دەبێ فریا ئەو خێڵە کەوین، خەڵکینە! ئەوانە کە ئێستا ناویان بە خێڵی "گەبەرە وەیلانەکان" دەرکردووە. ئەو خێڵە خۆ بێگانە نین، گول نین، لە جیهانێکیدیکەوە نەهاتوون. ئەوان هەر ڕۆڵەکانی خۆمانن. ئەم پەتا نەفرەتییە، جاران پیرەکانی پەکدەخست. بەڵام ئێستا کامە جەستەو هەستی ناسکترە، ئەوە زۆرتر لە مەترسیدایە. ئێمە بۆ تۆزێک بیر ناکەینەوە کە چارەسەرێکیان بۆ پەیداکەین. ئێوە هەر لە ڕووخان دەترسن. ترس لە ڕووخان وایلێکردوون، بیر لە

سووتان نەکەنەوە. سوتانیش لەبەینایە، سووتان خەڵکینە. ئەو خەوەی من بێ هۆ نییە. هەموو نیشانەکان پێماندەڵێن کە ئەگەر فریا نەکەوین، ئەو سووتانە جەرگبڕە ڕوودەدات. ئەو ماڵە کە ئەوان تێدا دەژین ماڵ نییە، نا! وەک من بیستوومە ئەوەی جەستەی ئەو ماڵەی لێدروستبووە، لۆکەیەکی کیمیاوییە لە توخمی نەوت. جا وەرە لۆکەش بی و نەوتیش. لۆکەیەکی نەوتینە. ئێستاش زۆپای ماڵەکانمان هەڵنەگیراون. چاوت لەوە نەبێ بەهارە و مانگی گوڵان؛ ئێستاش شاخ و لوتکەکان بەفرییان لێنەبڕاوە. ئاها دوێشەوێ سەرەڕای ئەوەش، ئەو خوڕەبارانەی بەسەر شان و مل و جەستەی شارەکەماندا ڕێژنەی کرد، لەسەر لوتکەکان بە بەفر و تەرزە نیشت. من بەهارێک نابینم. کوا بەهار وایە. زستانە، زستان. ئەو خێڵە بەستەزمانە بەرگەی سەرما ناگرن، نا. ئەو جەستە ساردەوەبووەی ئەوان ئێستا پێویستی بە گەرمایە، گەرما. جا وەرە چەندین زۆپای نەوتیش لەو ماڵەدا دابگیرسێت. بە ئاگری ئەو لۆکە نەوتینە گشت ئەو خێڵە هەڵدەقرچێن و دەتوێنەوە. من هەر لە ئێستاوە بڵێسە تیژ و تووڕەکانی ئەو ئاگرە بێ ئەمانە دەبینم. من لەو بڵێسە بێئەمان و گڕژ و گرگینانە ترساوم. ئەوان لە مەترسی سووتانێکی بێئەماندان. بەڵێ سووتانێکی بێبەزەیی. دەبێ فریایان کەوین، فریا. ماڵێکی لەرزۆک و ڕووخەک کە دیوار و ئەستوونەکانی لە لۆکەیەکی نەوتینەیە، بۆ ئەوە نابێ تێیدا بمێننەوە. ئەوان هەم لە مەترسی ڕووخاندان، هەم لە ژێر مەترسی سووتان. ئەگەر فریایان نەکەوین، هەم دەڕووخێن و هەم دەشسووتێن. فریا خێڵی "گەبەرە وەیلانەکان" کەوین خەڵکینە. ئەگینا نەوەی داهاتوومان نابێت و بەرەی داهاتوومان مەفح و نابووت و تەفروتوونا دەبن.»

زۆرم پرسیار کرد کە ئەو پیرەژنە کێیە. بەڵام کەس نەیدەناسی. لەوەدواش کەس نەیدییەوە. ڕەنگە دوای ئەوە کارە ناتەواوەکەی تەواو کردووە، بەرگەی نەگرتبێ و ڕۆشتبێت، بەڵام بۆکوێ؟ دوای چەن ڕۆژێک ئەو خەوە عەجایەباتەی دایەگەورە، مێشک و گوێی هەموو ماڵ و شەقام و کوچە و کۆڵانی شارەکەی داگیر کرد. بوو بە دەنگۆیەک کە گوایا فریشتەیەک، بە قەوارەی پیرەدایکێکی جوان و نوورانی و سپیپۆش لە شوێنێکی ئەمشارە دەرکەوتووە و دوای ڕاگەیاندنی پەیامەکەی ون و وار و نووخمی قووڵاییە نەهێنییەکانی ئەم جیهانە بووە

"مامارام"، لە ٢١ ڕۆژ پێش ئێستا، لەماڵەوە زۆر خەمۆکتر دەردەکەوت. بێدەنگ و زۆر پەرێشان و کەمدوو. قسەی نەدەکرد. تەنها چەن ڕستەی کورتی بۆ ماڵەوە پێبوو. جوابی پرسیارەکانیشی نەدەدایەوە. لە ماڵێ تەنها ئەو چەن ڕستەی پات دەکردەوە.

جارجارێک دەیگوت، دەیگوت؟! نا، نا، دەیپراواند:«عاقیبەتمان بە خێر بێ» وەک شتێک کە دەگەیشتەوە ماڵ لە نێو هەموو ئەو ڕستانەی کە لەوەپێش دەیزانین، هەر ئەوانەی لەبیردەما. کە زۆری بۆ دەهات ڕستەکەی تۆزێک درێژتر دەکردەوە.

ئەویش ئەو جارجارەی کە نەیدەتوانی نەیدرکێنێ. بەبێ ئیرادە، لەبەرخۆیەوە دەکەوتە وڕێنە: «دەک کوێراییم دایا. ئەو شارەیان بۆ والێکرد؟!» «ئەو شارە بەو هەموو زیندووییە بۆ مرانتان؟!» بەینێکبووخەوی شەوانیشی شەوان زۆرتر دەیبزرکاند: «بەراستی خوێرین. خوێرین، خوێری! ئێستا ئەزانم مرۆڤ چەن ئامادەیە بۆ خوێریبوون!» کە لەماڵێ وەدەردەکەوت باشتر بوو. ئەو ڕۆژەش هەر وەک ڕۆژانی پێشوو. شوێنی حەوانەوەی دەری ماڵێی، تەنها ببوە پارکی گەڕەک: «بەس نییە ئەم



Alexander Mandl

پارکەشمان هەیە.» جامانەکەی لەسەر توونـد کرد و باڵتە بێ قەمسەڵە مەیلەو ڕەشەکەی کە جێجێ کاڵ بووبووەوە لەبەر کرد. باڵتەیەک کە هەتا خوار ناوقەد و پشت ئەژنۆکانی بەسەر پانتۆڵکەیدا شۆڕ ببۆوە. بەسەر پانتۆڵێکدا کە لە گەڵ ڕەنگ و چرچەکانی پشتەدەستی لێک دەکاڵانەوە.

لە کەوشکەنەکە دانەوییەوە کەوشە ئادیداسە ڕەش و سپییەکانی هەڵکێشا و وەدەرکەوت.

هەرچەن داخی ئەو پێشهاتە نەخوازراوە، شانەکانی هەندێک شۆڕکردبووەوە، لێ بە سەری بەرز و هەنگاوی قایم، بەڵام بە ئەسپایی و پیرانە بەرەو وێ وەڕێ کەوت. کە گەیشتە وێ، دەستی چەپی لە گیرفان نابوو. دەگەیشتە ئاست هەر درەختێکیش، لەپێ دەستی ڕاستی دەکردە بازنە بە

ناوقەدیا و دەیلاواندەوە: « بەهارێکی خۆش و پڕ باران، حەیفێ لێیان تێکداین!» ئەوانیش بێنەسیبیان نەدەکرد. هەرکامەو تەزوێکی شیرینیان پێدەبەخشی. داربەدار دەڕۆشت و کە دەگەیشتە ئەو لق و پەلکانەی کە وەک چەترێکی سەوز دانەویبوونەوە، سەری دادەخست. مۆسیقای جیکجیکی چۆلەکە پاسارییەکان لە هێلانەی چاوەڕوانیی دڵی دەنیشت. بۆنی بەهار خوێنە خەمۆکەکەی دەگەشاندەوە. هەنگاوی بەسەر فەرشە بەردینەکەدا هەڵدێنایەوە. پێیخۆشبوو کە بەهار بوو. پێویستی بەوە بوو هەندێک کار لە قاچ و ئەژنۆکانی وەکێشێت. چەن دەوری پارکەکەی دایەوە و کە هیلاک بوو لە شوێنی ژوانی یاران، لە ئاست ئەو درەختەی کە هاوسێی بنکە چنارێکی تازەبڕاوە بوو، کورتەدەمێک ڕاماو و پاشان پاشەڵی نایە سەر ئەو بنکە چنارەی کە هەموو ڕۆژێک لەم کاتەدا، چاوەڕوان دەما هەتا ڕفیقەکانی دەگەیشتن. بە دەستە ڕفیقەکانی دەگوت: «کوڕە بەس نییە بەهارە و ئەو دڵە بێتینەمان، تێنێکی دێتێ!» سفرەی دڵی، کە لەماڵێ دڵی نەدەهات بیکاتەوە، دەیکردەوە. کە دەگەیشتە ئەوێ دەیگوت: «کوڕە خۆ دڵم تەقی.» لەوێ سفرەی دڵی لوول و پارچە پارچە دەکرد و دەیکردە وشەو وەک ڕستە لە کونی زاریەوە دەریدەهاویشتن: «ئەم پەتایە تەمەنی زۆرە. ڕەنگبێ نزیک بە نیوەی تەمەنی من...» کە لێیان دەپرسی ئەوە چ پەتا و چ زامێکە کە تۆ باسی دەکەی؟ دەیگوت :« کاکی من، چۆن نازانن؟ یان دەزانن و خۆتانی لێ گێل دەکەن! پەتای بێکاری، برینی برسییەتی. بەڵام ئەوەی لە هەموویان جەرگبڕترە زامی بێدەرەتانییە، بێدەرەتانی...»

دادە "زارا"، زارا؟! بەخوا پێم وابێ زارای ناوبوو. نازانم. خێزانی "مامارام". ئەو هاوژینەی کە هەموو ژیانی بە گشت ڕەنج و کوێرەوەری و بوون و نەبوونی و خۆشی و ناخۆشییەکانیەوە، هاودەمی بووە. بە نەبوونی و تەنگانەکان ڕاهاتبوو. دادە زارا لە دەسپێکی کولانەوەی ئەو برینە کۆنەوە، هەر کە دووبەدوو دەمانەوە، پەستا پەستا ڕوویتێدەکرد و دەیگوت: « ئەوە بۆ وات بەسەر هاتووە پیاوە؟ بەینێکە شانەکانت نەوی بوون. بۆ وا نووشتاویەوە؟ ئەم کۆمەکۆمەت بۆچی؟ ئەم کڕ و کپی و بێدەنگییەت لەچییە؟ تەنها جارجارێک دەڕاوێنی و بەس. ئەویش هەر دووسێ ڕستەی کورتەکورتە و پاتەوە بوو. بە غەڵبەغەڵبێک دەیانهاویژی و دەڕۆی. وەک شێت بووبی. ئارام، خۆ تۆ وا نەبووی! نازانی ئێمە چۆنمان پێکەوە هێناوە؟ وەرەوە سەرخۆ. دونیا دەورادەورەو تەنگانان بەریان کورتە. مەهێڵە ئەو پەتایە لە منداڵەکانیشماندا پەرەبستێنێ. مەهێڵە برینی ئەوانیش دەمکاتەوە. کوڕە مەردی خوا بە، ئەوان بەرگە ناگرن. دەک دڵ و جەستەی سەبەبکارەکان بە زووخاو بێ، هەزار جارینە.»

له ناو ئەو سێ کوڕ و دوو کچەی کە خوا بەوانی بەخشیبوو، "شەونم" هەستیارتر دەردەکەوت. تەمەنی بەرپرسیاریەتی شەونم، بەرەوژوورتر بوو لە تەمەنە ناسکە شازدەساڵانەکەی. کاملتر خۆی دەنواند. لە هەموویان زۆرتر خەفەتی دەخوارد، بەڵام شین و شەپۆڕ و گریانەکانی لەوان کەمتر بوو. شەونمی شازدە ساڵانە، لە شازدەهەمین شەوی کرانەوە و کولانەوەی برینە کۆنەکە، گوێی لەدەنگێک دەبێت. تاقەت ناگرێ. هەڵدەستێت و دەچێت و لە پشت دەرگاوە دەیبیستێت. ئەو جۆرە قسەکردنەی دایکی بە لاوە نامۆ بوو. نزا و پاڕانەوە و تکاو تەمەنایەکی پڕ لە سترێس و ترس و دڵەڕاوکێی دایکی ڕوو لە باوکی. دڵی پێی دەگوت: «ئەیەڕۆ خۆ ئەم دۆخەی باوکم، دایکیشمی تێکداوە!» خەریک بوو دڵی دەگیرا. لەوە زیاتر خۆی بۆ ڕانەگیرا. چووە سەر پەنجەی قەچەکانی و لەپەدەستی داخ و بێدەنگی نا بە لێوە ناسک و ئاڵە شازدە ساڵانییەکانییەوە و سوکێک گەڕایەوە و خزایە نێو جێگاکەی. ئەوەندە بێدەنگ و لەسەرخۆ، کە "شارا" ی خوشکی لە خەو هەڵنەستێنێت. خەویلێنەدەکەوت. زۆری ئەمشانەوشان کرد و گینگڵی دا. لەو ئانەدا کە خەو خەریک بوو بەسەریدا زاڵ دەبوو، لە پێش ئەوەی خەو بیباتەوە، لە نێوان خەو و بێداریدا، نازانم ئەو بەخۆی گوت یان، پێیان دەگوت؛ بڕیاری خۆی دا.

شەونم دەیزانی کە باوکی بۆچی خەمۆکە. هەموو دەیانزانی ئەم خەمۆکییە هەر بۆ ئەو نییە و گشتگیرە. لێ ئەو هەر لەماڵەوە ئێجگار تا ئەو ڕادە خەمۆک دییارە. کاک "شاڕام"ی برای پێگوتبوو: «چاوت لە خەمۆکی ماڵەوەی نەبێ، بێخەم بە، لەلا ڕفیقەکانی وانییە. من جارجارە کە لەسەر کار دەگەڕێمەوە دەچمە لایان. دەمزانی لەکوێ دادەنیشن. شکوور لەوێ لەبەر باوکم قسە بەرناکەوێ. شەونم، مەهێڵە دایکم لەوە زۆرتر ناڕەحەت بێ. بۆخۆت پێی بڵێ. بڵێ هەر لە ماڵەوە وایە و ئەوەندەی لەگەڵ نەڵێ. ئەگەر زۆری لەگەڵ نەڵێ، زووتر چاکدەبێتەوە.» ئەویش وەک باوکی گوتبووی:«بەس نییە ئەو پارکەشیان هەیە.» شارام لە کاتی ڕۆشتندا، ئاوڕێکی لە شەونم دابۆوە: «ئەگینا شێت دەبوون و لە ماڵەوە ئێمەشیان شێتدەکرد.»

دادە زارا، بە هەموو دڵفراوانی و خۆڕاگرییەوە تاقەتی ئەو ڕادە لە پەشێوی و پەرێشانحاڵی هاوژینەکەی نەبوو. پێیدەگوت:«ئارام، ئەزانی بۆ پێت دەڵێن مامارام؟ ئەو ناسناوە بۆت بۆتە هێما. نیشانەی خۆشەویستی. ئەو ناوەت بپارێزە. خەڵکی لەخۆشەویستی ئەو ناوەیان کردە ناسناوێک بۆ تۆ. ناسناوێک کە بۆتە پۆشەنی ڕۆح و جەستەی تۆ. بە بارستای ئەو توانا و سەبر و تاقەت و لێبوردووییەی کە لێیان دیوی. بە قەد ئەو سەنگ و پشوودرێژی و نەرم و نیانییەی

کە نیشانیانت داوە. ئەو ناسناوە بۆ ئەم کابرا پیرە، داچەماوە، پشتکۆمە، نەهاتووە. سەبرت بێ، سەبر. هەر وەک ئەو سەبرەی جارانت. قسەمان بۆ بکە قسە. هەر وەک قسە وزەبەخشەکانی پێشووت. ئەم کپ و خامۆشیەت لابەرە و بیتارێنە. بگەڕێوە سەر دۆخی پێشووت ئارام، بگەڕێوە.شەونم لە کاتی خەوتن، شارا ی وەگیر دەهێنا و دڵەڕاوکێکانی ئەو ڕۆژانەیان پێکەوە دەگۆڕییەوە. شەوی دوایی شارا پێی گوت: « قسە بکە. هەتا دەتوانی قسە بکە. نیگەرانییەکانت مەشارەوە. مامۆستاکەمان لە مەدرەسە پێیگوتین، ئەگەر داڵغەتان بوو، بچنە لای نزیکترین و جێمتمانەترین کەستان و هەڵیرێژن. ئەگەر وا بکەن سوکناییتان دێت و پەرۆشییەکانتان پەرە ناستێنێت. خوشکە چکۆلەکەم بدوێ. سفرەی دڵت ئەگەر بۆ من هەڵنەڕێژی، ئەی بۆ کێ؟!» شەونم هەرچەن دڵی پڕ ببوو بەڵام نەدەگریا: « باشە دادە گیان. بۆیە هاتومە لات کە پێکەوە قسە بکەین. بەڵام بە شەرتێک. بەو شەرتەی ئیتر نەگری. دایکم دەیگوت گریانی زۆر باش نییە.»

شارا خۆی ئەم بارەبار کرد. دوای هەندێک باوێشک و خۆکێشانەوە، خۆی درێژ کرد و ڕوویکردەوە شەونم و هەنیشکی ڕاستی لە سەر دۆشەکەکە جێگیرکرد و لەپی دەستی کردە کۆڵەکەی بناگوێی.

بە جۆرێک کە شەونم تێبگەیێنیت کە هەرچەن زۆرم خەو دێت، بەڵام گوێبیستم: « ئێجگار واش نییە. گریانی زۆر باش نییە، بەڵام جارجارە گریان پێویستە. پێکەنین و گریان، دەستەخوشکێکن وەک من و تۆ. ئاها باوکم وەزعی چۆنە، ئەگەر بگریایە باری خەمی سووکتر دەبوو. تۆ سەر باوکمت داوە و من سەر دایکم. دەی باشە ئەوە منیش ناگریم. قسەت پێماوە؟»

شەونم یش ڕاست و چەپێکی بە جەستەی دا و قیت بوەوە و دانیشت. چاوە تەڕە نەگریاوەکانی بڕییە شارا و: «شارا تۆ پێتوایە ئێمە چیمان بەسەر دێت؟»

«مەبەستت چییە؟!»

«نازانم. نامهەوێ زۆر نیگەرانت کەم. بەڵام جارجار زۆر دەچمە فکرەوە. کاک شارام هەرچەن خوێندنی تەواو نەکرد، بەڵام کارێکی بۆ خۆی پەیدا کردووە و بە ژن و منداڵی خۆیەوە سەرگەرمە. مەگەر ئەم پەتای بێکارییە یەخەی ئەویش بگرێت. نۆرەی"کاوان"ە. ئەویش زانکۆی تەواو کردووە و چون دانەمەزراوە و کاری دەسنەکەوتووە، ئەوە ساڵێک زیاترە لە پاساژ، دووکانی پووشاکی کردۆتەوە. بێچارە لەوەتەی ئەو دووکانەی داناوە، ئەوە وەزعەکەیە. ئەویش کە خەبەرت هەیە. دڵی کردۆتە دووبەش. بەشێکی لە لای دووکانەکەیەتی و بەشێکیشی لەلای دەنک و دڵبەرەکەی. بەم وەزعی بەسترانی مەرز و دووکانانەوە، بەهیوایە بەم زوانە

ئیشاڵڵا تەقەی دەهۆڵ و زوڕناو هەڵپەڕکێمان بە نەسیب کات. "کامەران"یش، خۆزگەم بەخۆی، کە لە من چکۆلەترە و ئێستا پۆلی نۆهەمەو و ئاگای لە هەمزەو هەباس نییە. ئەمێنێتەوە من و تۆ و تۆزێکیش کێشەی کاوان.»

شارا بزەیەکی هاتێ و وتی: «دەی بۆ بێدەنگ بووی؟ دەی دەی. بەردەوام بە وەستای قسە. خۆ تۆ قسەت لێنابڕێ. هەمبانەکەت هەمیشە پڕە. گوێ مەدەرێ کچێ. چش کە خەریکە لە کاتی خەو تێپەڕ دەبێ. ئێستا کە خۆشت تێکەڵ بە ئێمە کردووە، بەردەوم بە. با بزانم لەم پلان و پڕۆژەتدا چ خەوێکت بۆ ئێمە دیوە؟ بەڵام تۆزێک زوو. لەوە زیاتر مەشمانگرییێنە. بەم چاوە تەڕانەوە بنووین، بەیانی هەردوو چاوەکانمان بە ڕیفۆق کوێردەبنەوەو قەتیس دەمێنن. خۆ بۆخۆت دەزانی بە چاوی ڕیفۆقاویەوە چەن ناحەز و ناشرین دەبین. مەگەر دایکم بە خۆی و لۆکە تەڕەکەیەوە فریامان کەوێ.»

شەونم بە زەردەخەنەیەکەوە: « ئەڵێم، ئەڵێم، نازانم چۆنی بڵێم. باوکم جارجارێک پێم دەڵێ، کچێ قسەی دڵت مەشارەوە. بیڵێ کچم، بیڵێ. بیدە لەبنکی کوولەکە. منیش کچی ئەو باوکەم و بێقسەیی ناکەم. ئەڵێم ئەتۆ خوێندنی زانستگەت تەواو کردووە و بە ڕواڵەت لە خەم ڕەخسیوی. هەرچەن داشنەمەزراوی و کارێکت بۆ پەیدا نەبووە، بەڵام ئەی شووەکەت چی بەسەر دێ؟ بیریش لەوە دەکەمەوە بڵێی من چم بەسەربێ؟ تۆ ئەڵێی هاتا ئەو کاتە دۆخەکە باشتر بێت و بتوانم بچمە زانستگا؟ تۆ بڵێی کاک کاوان بتوانێ دەسگیرانەکەی وەگوێزێ؟ تۆ بڵێی؟ تۆ بڵێی؟ کچێ لێیگەڕێ هەر باسی نەکەین باشترە. تۆش پێتوانییە؟»

«ورد بۆ شتەکان دەچی شەونم. نازانم چۆن ئەوەندە ئەزانی و گریانێکی واشت نییە؟ ڕاست ئەکەی کێشەکان زۆرن و بەمشەوە بە ئێمە چارەسەر نابن. هەستە خۆت سازکە بۆ خەوتن. دەڵێی لەبیرت چۆتەوە بەیانی زوو دەبێ هەستی بۆ مەدرەسە. هەستە دەی کەم بڵێ. پێمخۆش نییە ئەوەندە وریای. بەقەدەر تۆ وریا بوومایە شێت و پەتیارە دەبووم. خۆزگە ئەوەندە بەزەین و زۆرزان نەبوویتایە. چونکا دەڵێن ئەوەی کە زۆر دەزانێ دەردەکانیشی زۆرترن. هەستە بڕۆ بخەوە. ئیتر یەک قسەش نەکەی ها!»

هەردوکیان تماشایەکی یەکتریان کرد. لە یەک ئان و ساتا، هەردووکیان بەیەکەوە لێوەکانیان گوڵ کرد و بە پەنجە ناسک و باریکەکانیان ماچێکیان بۆ یەک هاویشت. هەردووکیان دوای ماچەکە، لێوەکانیان لێکنا و پانیان کردنەوە بەرەو بناگوێیان و دوای ئەوەی کە قوپاوییەک نیشتە نێوان لێو و چەناگەیان، دەسبەجێ چوار چاڵۆچکەی ڕوون و بچووک،

لەملاولای دوو لووتی قەڵەمییەوە کەوتنە سەر چوارگۆنای ناسک و گەش.

«دەی باشە دادەگیان، من بەقوربانی ئەو ورە بەرزەت بم. شەوباش.»

«وەڵڵا تۆم نەبوویایە، دڵم تەقەی دەکرد.»

فەزای گریانەکە خەریکبوو دەگۆڕا بە پێکەنین. هەرکیان خەویان دەهات. لەپێش ئەوەی خەو بەتەواوەتی زاڵ بێ، لەپڕ شارا قاویکرد: « شەونم، شەونم، شەونم!!»

«چێیە دادە! وەڵڵا ترسام. چی بووە؟ ئەڵێی چی؟ ئەمجار تۆ ناهێڵی بخەوین. کچێ بەیانی خەبەرم نابێتەوە بۆ مەدرەسە.»

«ئەڵێم شەونم. بەیانی لەپێش ئەوەوە بڕۆی بۆ مەدرەسە، بە دایکم بڵێ، هەرچۆنێک بێ، باوکم بگریێنێ»

ئەمجاریش بەدەم پێکەنینەوە، پەتوەکانیان بەسەر خۆیاندا کێشایەوە. لەپێش ئەوەی خەو باڵی بەسەر هەموو زیرۆحەکانی ئەو ماڵەدا بکێشێت، دەنگێک هات. نازانم هی کامیان بوو. دەنگی ئەوان بوو یان لە غەیبەوە. سەدایەکی زوڵاڵ و خەمڕەوێن و ئومێدبەخش:

«کچێ بخەوە. زۆر جار لە تەنگەژەکاندا لە مامارام م بیستووە کە دەڵێ: بڕۆ بخەوە ڕۆڵە، خوا لە سولتان مەحموو، گەورەترە»

ئەو دەنگە کەس نازانێ لە کوێوە هات. بەڵام بە دوو دەلیل من دەڵێم کار کاری شەونم بوو:

- شۆخ و وریاو زیت و شەیتان و تەڵەکەباز و جەفەنگی وەک خۆی کەمبوو

- لە ناو منداڵەکانی ئەو ماڵەدا، تەنها ئەو لە زمانی خەڵکەوە، جارجارە بە باوکی دەگوت، مامارام

◆ غەفوور ساڵحی



## «سەر لە نوێ»

-چ ئازارێکە ژماردن لەیادکەی ، چەن ناخۆشە بژمێری بەڵام نەزانی کام ژمارە پیرۆزەکەتە.

-ماوەیەکە قسەکانی باوکی سیمای باوکی دێتەوە بەرچاوی. نزیک بە سی ساڵ دەبوو هەوڵی دابوو بیرەوەریەکان بسڕێتەوە هەمووکات باوکی بە زۆردارێک دەزانی کە دەیویست بیرو بڕواکانی خۆی پێیان بسەلمێنێ نەک هەر بە بنەماڵە ، بە تەواوی ئاویی بە تەواوی ناوچەکە .

هەمووکات باوکی دەیوت :"بژمێرە بزانە هیچ کەمەوە نەبووە بزانە کام ژمارەت خۆش دەوێت هەوڵی بۆ بەی کە پێی بگەیی."

-دەیوت هەر ژماردنەکانی باوکم بوو بە منداڵی ئاوارە بووین هەر بیرو بڕواکانی بوو دایکمی لە سەردەمی گەنجێتا کردە قەرەواشی ماڵە ئاغاکانی شار ئەوانەی وا تا دوێنە باوکمیان لەسەر ژماردن دارکاری دەکرد بەڵام ئێستا ... .

-هەمووکات گاریەکەی لە پێش خۆی ڕادەدا و لەپێش دووکانەکان تێپەڕ دەبوو، بانگمان دەکرد بۆ چایی خواردن و چیرۆکەکەی بۆ دەگێڕاینەوە ، بەڵام ماوەیەکە چیرۆکەکە ئالۆزی دەکات چۆن نەیتوانی تێ بگات ، ئێستا دەڵێ دیت نەمان ژمارد داری سەر شوستەکانیشیان نەهێشت، نەمان ژمارد هەر کۆیان کردینەوە چکۆلە بووینە .

بەڵام ئێستا گاری وەلا نابوو لە ماڵەوە بە هەمووی بنەماڵەی دەوت بژمێرن تازۆرتر باشترە کێ دەزانێ بۆ بەدوای ژمارە زۆرەکانا ناگەڕن، لە شەقامەکان تێپەڕ دەبوو چاوی لە چاویان دەبڕی و دەیوت ژمارەی ئێوە چەنێکە ، ژماردنم لەبیر بێننەوە ، دەهات و دەیوت ژمارەکان لە چەندەوە دەس پێدەکەن ؟

-بەیانیەک کە دوای نیوساعەت دەرگای دووکانم دادەخست و بە کۆمەڵی خەڵک زۆر دەبووم ، کە لام کردەوە چاوم پێی کەوت بە دەنگ لە ژێر سێبەری دارەکان کە بچڕ بچڕ بەسەر شوستەو شەقامەکان باڵیان گرتبوو دەیوت باوکە زانیم ، ژماردن لە یەکەوە دەست پێدەکات ؛ هەنگاوە کورتەکانی کە هیلاکی ساڵانێ زۆری تێدا بوو ، دەستە زبرەکانی کە بە دارەکانا دەدا و بە چاوە تەڕەکانی دیوت ، یک.

-ژمارە پیرۆزەکەی ئێمە چەنێکە من تا چەن دەزانم لە چەندەوە بژمێرم ؟!

نا من لەیەکەوە ناژمێرم ژمارەکانی من لە بیستەوە دەس پێدەکات.

◆ زانا شەریفیان

**«...»**

بۆ سـبەینێکەی کارێکی خێرێری بەدمەوە بوو؛ کەچی هەر لە ئێستاوە گیرفانەکانی پڕ کردبوو لە پێداویستییەکانی شەڕ!

◆ ناسر فەتحی



Keyvan Rasooliazar

## «دەڵێن لە بانە شەدە هەرزانە»

وەرزی بەهارە'کۆڵان بە بۆنی گوڵی زەرد و سووری سلێمانبەگ عەتراوی بووە ئاربەبا وەکوو هەمیشە سەوزو ڕاوەستاوە!

گوڵی زەرد و سووری سلێمان بەگی بانە /بەوێنەت نییە لە گشت جیهانا

لەبەر خۆمەوە ئەو گۆڕانیەم دەکوت و بە گورگە لۆقێ خۆم لە کۆڵانە تەنگە بەرەکە ڕزگار کرد و ڕۆیشتمە سەر شەقام' چاوێکم لە سەعاتەکەم کرد پێم وابوو بەیانییە و زوو هاتوومە دەرێ بە ڵام نا درەنگ بوو قەدرێک ڕامام ئەوە چ خەبەرە!سەرم سوڕما شەقامی چی' دوور و درێژ و چۆل و هۆل!

ئەی باشە هەر بەڕاست ئەوە شەقامە قەڕەباڵغەکەی ڕۆژانە؟ ئەورۆ پەپووی لێ ناخوێنێ!

ناکا بە ڕاستیان بوو بێت تۆ بلێی هیچکامیان دووکان نەکەنەوە؟

با قەدرێک ڕاوەستم لانی کەم تا ئەو سەری شەقام پیاسەیەک بکەم بەڵکوو پەیدا بن' پەکوو لەو وڵاتە چۆلە! تا ئەو سەری شەقام هەر ئەو بەزمەیە!

لە دوورەوە کەسێک دیارە دەچمە پێشێ هەست دەکەم دەیناسم پێ دەچێ زۆرم بینیبێ' ڕواڵەتێکی ماندوو و تێک قرماو'دەستی قەڵشیو و سەرمابردوو لە لای من نامۆ نییە! مامەگیان سڵاو' سەری هەڵدەبڕێ و پشتی چەماوەی بە زەحمەت ڕاست دەکاتەوە و لێم دەڕوانێ و بە دەنگێکی کز وڵامم دەداتەوە' دەڵێم مامە گیان دووکان کەی دەکرێتەوە؟ چاوم تێدەبڕێ و سەری ڕادەوەشێنێ وەک ئەوەی بڵێ: هەی هوو هەی هوو دادە گێرەت لە هەولێر دەگەڕێ!

لەبەر خۆمەوە دەڵێم:تۆ بڵێ ئێستە کاتی سەفەر بوو؟!

خوشکم کوتی دووکان و بازاڕ تەحتیلە دەیجا کوتم من کارم بە دووکان نییە تەنیا شەدەیەکم پێویستە زۆربەی دەسفرۆشەکان لەبەر شەقام دایانناوە' بەڵام سەیرە دەسفرۆشیش دیار نین!

گەڕامەوە کۆڵانە باریکەکەی ماڵی خوشکم' خوشکم لە کۆڵان لەگەڵ چەند دراوسێ ڕاوەستابوو کە چاوی بە من کەوت بەرەوپیرم هات و گوتی: چ بوو شەدەت کڕی؟ بە ناهومێدیەوە گوتم شدەی چی تاقە بەشەرێک نابینی! خوشکم بزەی هاتێ و گوتی: ئێرە بانەیە بانە شاری ئاربەبا!نان دەفرۆشن بۆ...

ماندوو بووم خەوم لێکەوت'

گوێم لە شەقەی باڵیان بوو بە پڕتاو هەڵاتمە کۆڵان سەرم بەرز کردەوە سەتان شەدە بە ئاسمانەوە بوون سەوزوو و سوورو و کەسک و ڕەش! تێکڕا گرێچن کرابوون و هەڵدەفڕین دەستم درێژ کرد بیان گرمەوە

تێکڕایی وەرسووڕان و دەستیان گرتم و بەرەو ئاسمان هەڵیانکێشام هەستێکی خۆش بوو لە ئامێزی ئەو هەموو شەدە یەکگرتووەدا! لە ناکاو دەستم شل بوو و بەرەو عەرزی فڕێدرام کەوتمە سەر پشتی ئەسپێکی بریندار و خوێناوی!کە سەرم هەڵبڕی پیاوە پیرە چەماوەکەی بەیانیم بینی کە لە تەنیشت ئەسپەکە لە خوێن گەوزا بوو!

ئاهەنگێک هاتە گوێم ; دەڵێن لە بانە شەدە هەرزانە بەڵام قابیلی باڵا بەرزانە !!!

◆ پەروین شێخی




Mir Murad Bedirxan

## «بۆ مانگرتن؟!»

خەڵکی سەقز دەیانگوت: موسافیرەکانی بانە کاتێک بۆ شت کڕین بە سەقز دا, دێن; دەڕۆن بۆ بانە; دوو پرسیار لە ئێمە دەکەن. لە پێش دا, ناونیشانی ڕێگای بانە دەپرسن; دوایەش ناونیشانی ئاودەست! پووڵەکەیان بۆ بانە دەبەن; گوویەکەیان بۆ ئێمە دەکەن!

گوڵە زەردو و سوورەکانی سڵەمان بەگی بانە ژاکان. دار بەڕووەکانی زاگرۆس لە سێدارە دران. سنوورەکان, گۆرانی بەتاڵی شینیان بۆ سەر سفرەی کاسبکاران چڕی. موسافیرەکان ناونیشانی پووڵەکانیان لە بەرزاییەکانی گوڵان دا دیتەوە!

◆ بیژەن ڕەحمانی



🎨 مەسعوود حەسەنزادە(غەمیار)

## «بە تەنیا چیرۆک نییە!»

سێرچم لێدا و وشەی "ئەسپم" تایپ کرد، هەستم ئەکرد پێشتر چیرۆکێکی هاوشێوەی ئەم چیرۆکەم نووسیبێ؛ تەنیا دوو چیرۆکم دۆزیەوە، بەڵام ئەسپەکان بە هەژاری و بێنازی ئەسپی ئەم چیرۆکەم نەبوون، بۆیە کۆڵمدا لە سێرچ کردن؛ وتم: باشە با بڵێین ئەم چیرۆکەم پێشتریش نووسیبێ و ئێستە لێم ون بووبێ، دەی چی ئەبێ؟ یا دووپاتم کردۆتەوە یا جۆرێکیتر دامرشتووە؛ ڕەنگە سەرنجی خوێنەرێکی تازەش ڕاکێشێ؛ لۆپ تاپەکەم ئەکوژێنمەوە و تا پارکی خواورووی کۆڵانەکەمان ئەڕۆم، پیرە پیاوێکی چەماوە کە کۆتێکی ئەمریکی شڕۆڵەی لەبردایە، بە پانتۆڵێکی خۆڵاوی و جووتێک پێڵاوی وەرزشییەوە، چەند کەسێک دەوریان لێداوە و سیگاری لێ ئەکڕن. لێی نزیک ئەبمەوە سیگارەکانم پیشان ئەدات، ئەو ڕۆژە بابم بە جووتێ پێڵاوی وەرزشییەوە هاتەماڵەوە؛ وتی: ئەم پێڵاوانەوەم بۆ مەرز کڕیووە؛ ئیمشەو بڕیارە زووتر بچین. هەرچی ئەکەم خەوم لێناکەوێت، تا ژوور سەری دایکم ئەچم، ماوەیەکی زۆر نابێ باوکم ڕۆشتووە و تازە بە دیار برا بچووکەکانمەوە خەوی لێکەوتووە. کەمێک لەو لاترەوە دوو خوشکەکەم خەوتوون، ئەڕۆمە لای خوشکە گەورەکەم و بانگی لێ ئەکەم؛

ـ دادە دادە دادە...دادە

ـ ئممممم

ـ دادە میزم یەت، نای تەکما؟

ـ خۆت بچۆ

ـ ناوێرم ئاخر


ـ ئممم بچۆ دەی دوایی منیش یەم

ـ ئا دادە چووم، ئاخر بێی

ـ باشە ئاوە یەم بچۆ

ماڵەکەمان تۆزێ بەرزتر بوو بە سەر حەوشەکا، بە پێنج پلەی سیمانی کە بەفر دایپۆشیبوو چوومە خوارەوە؛ مەستەراوەکە لە سووچی ڕاستەوەی حەوشەکە بوو، ژوورێکی تاریکیش لە سووچی چەپی حەوشکە و ڕوو بە پەنجەرەکانی ماڵەوە بوو. زیاتر لە ژوورە تاریکەکە ئەترسام؛ بۆکسی سیگارەکان لە پێش چاوم هاتووچۆ ئەکات، وام لێئەکات دووبارە بە دوایا بگەڕێم، سەیری لۆپتاپەکەم ئەکەم، دڵنیام ئەم بۆکسانەم پێشتر بینیووە، هەست ئەکەم ئەمە چیرۆکێکی نووسراوی لەبیرکراو نییە کە نەزانم کەی نووسیوومە. بابم هەموو پاشەکەوتی کرێکاریەکانی کۆ کردبووەوە و ئەسپێکی پێکڕیبوو و شەوانە باری پێ ئەبرد؛ هێواش هێواش هەنگاوم نا، سەرپێییە بچووکەکانم پڕ ببوون لە بەفر و دڵم وەخت بوو لە ترسا بوەستێت؛ ئەلەرزیم بەڵام زۆر هەستم بە سەرما و سۆڵە نەئەکرد؛ ترس بوو، تەواوی گیانی داگرتبووم. چاوم لە پەنجەرەکە بوو و درگای ماڵەکەمان، بەڵام خوشکەکەم بە دواما نەهاتبوو. مەستەراوەکە تاریک و سارد بوو، دانیشتم نیووەی میزەکەم کردبوو کە حیلەی ئەسپەکە بەرز بووەوە، نیووەکەیترم بە شەڕواڵەکەما کرد. درگای حەوشەکە بە توندی بە دیوارەکا کوترا. هەروا کە ئەلەرزیم وتم: خۆ ئیسە کاتی گەڕانەوەی بابم نییە؛ پەردەی مەستەراوەکەم لادا، سەیرم کرد گڵۆپەکان ڕۆشن بوون، دایکم بە پێی پەتی خۆی گەیاندە حەوشەکە. بابم هەوساری ئەسپەکەی گرتبوو و بەرەو ژوورە تاریکەکە ئەیکێشا. سەرپێیەکانم لە نێو بەفرەکە جێمابوو، دەنگی گریانی برا بچووکەکانم ئەهات؛ خوشکەکانم هەر کام یەکێکیانی لە باوەش گرتبوو، بابم لە کاتێکا کە بە ئەستەم هەناسەی ئەدا بە دایکمی وت: ئەو منداڵانە ببە ماڵەوە با نەخۆش نەکەون...هەموومان لە پشت پەنجەرەکە سەیری دایک و بابمان ئەکرد. ئەسپەکە لە سەر پشت کەوتبوو و ئەیناڵاند. بۆکسە سیگارەکانیان لێ جیا ئەکردەوە، برینی ئەسپەکە زۆر قوڵ بوو، بابم ئەگریا و لاقی ئەسپەکەی تیمار ئەکرد، لە پڕ لە ناڵە کەوت؛ دەنگی گریانی دایک و بابم ئێمەیشی بە گریان خستبوو، تا ئەو ساتە هەرگیز گریانی بابم نەبینیبوو؛ دایکم باڵی بابمی گرتبوو و هەڵیساندەوە، کۆتە ئەمریکییە شرۆڵەکەی بەسەرشانیادا و هەردوو هاتنە حەوشەکە، بابم گەڕایەوە بۆ ژوورەکە و دانەویەوە؛ چەن جار تەوێڵی ئەسپەکەی ماچ کرد؛ سەیرم کرد پیرەپیاوەکە زۆر دوور کەوتۆتەوە...

◆ شەرمین ساڵحی



📷 moyasser nasseer

(١)

## «دەسسووتاو»

ـ لەو ڕۆژانەدا بەیەکجاری ئیمانم بەوە هێنا کە لە دنیادا کەس لە کەس حاڵی نابێ. بەڵکوو ئەدای لەیەکتر حاڵی بوون دەردێنن. بە تابەتی کاتێک باسی گواستنەوەی ئەزموون و فەلسەفەیەکی ژیان بێ! ئەزموونەکانی هیچ کەس بەکەڵی هیچ کەس نایە، وەک منداڵێک کە هەرچی پێ بڵێی ئاور گەرمە دەستی لێ مەدە، دەستت دەسووتێ، تا دەستی نەسووتێ لێت تێناگات. جا بۆیە خۆ ماندوو کردن بۆ تێگەیاندنی خەڵک و دەمارگرژی بۆ گواستنەوەی بیر و باوەڕەکانت، کارێکی گەمژانەیە! هەر ئەمەشە گەشەی مرۆڤایەتی بە خێرایی کیسەڵ دەچێتە پێشێ و کۆمەڵگا دواکەوتووەکان ناگەنەوە سەر کۆمەڵگا گەشەکردووەکان!

تەنیا کارێک کە وەک کەسێکی گەشە کردوو، بۆ گەشەی خەڵکە دواکەوتووەکەت دەتوانی بیکەی ئەوەیە کە ڕێگە خۆشکەی زووتر دەستیان بسووتێ!

ئەو قسانەی لەدوای هاتنە دەرێی لە کۆبوونەوەیەک ـ لەبەر دەرگای هۆڵی کۆبوونەوەکە، بۆ چەن کەسێک کە پێشتر دەستیان سووتابوو ـ کرد؛ کۆبوونەوەیەک کە لە کاتی وتار بێژییەکەی دا بەردەوام پێکەنینێکی تاڵی لەسەر لێو بوو.

(٢)

## «خۆکوژیی هیندی»

هەرکەسە و هۆکاری کوژرانەکەی بۆ شتێک دەگەڕاندەوە؛ تا ئەوەی حکوومەت هاتە سەر خەت و گوتی: "بۆخۆی خۆی کوشتووە! فیشەکێکی لە مێشکی داوە و فیشەکێکیش لە دڵی!"

◆ ناسر فەتحی

**تێبینی:**
خوێنەرانی بەڕێز، ئەم چیرۆکانەی خوێندتاننەوە بەرهەمی "کارگەی چیرۆکی بێسنوور" بوون ـ لە تێلێگرامدا ـ کە زۆربەیان لە ماوەی چەن ڕۆژ و بۆ سووژەی حەفتانەی کارگە نووسراون. هەر کەمووکوڕییەکیان هەبێ، چ لە ڕووی زمان و داڕشتنەوە، چ لە ڕووی ناوەرکەوە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئامادەکارانی ئەم حەفتەنامەیە بەپێویستییان نەزانیوە هەڵەبڕییان بۆ بکەن. چوونکە چیرۆکەکان کارگەیین و باش وایە قۆناخەکانی گەشەی ئەزموونگەرانەی نووسەران وەک ڕەوتێکی مێژوویی، بێ دەسکاریی بەرهەمەکانیان، وەک خۆی بمێنێتەوە. واتە کەمووکوڕییەکان پێوەندیی بە ئاستی هەنووکەیی نووسەرانەوە هەیە و لە درێژەی ئەم ڕەوتەدا، بەرهەمە نوێیەکانی ئەو نووسەرە بەڕێزانە، بە بەراورد لەگەڵ بەرهەمەکانی پێشوویان، دەکرێ دەرخەری کاریگەرییەکانی کارگەی چیرۆک بێ.

**کلێشەی یاساکانی خاڵبەندی و تایپ و مەرجە زمانەوانییەکانی بڵاوکردنەوەی چیرۆک لە چیرۆکەڵەدا:**

١ ـ لە سەرسەرەوەی ئەو دەقەی دایدەنێن بنووسن کە ئەوە "چیرۆک" ـە، "کورتە چیرۆک" ـە، "کورتیلە چیرۆک"ـە یان چییە!
٢ ـ حەتمەن ناوی چیرۆکەکەتان بنووسن، نەشتان نووسی، دەتوانن هێمایەک شتێک لەبری ناوەکەی دابنێن.
٣ ـ حەتمەن هەڵەی تایپی کارەکانتان چارەسەر بکەن!

٤ ـ تا ئەو جێگایەی لە توانای خۆتان دایە ڕێزمان و ڕێنووسی کارەکانتان درووست بکەن.
٥ ـ لە خاڵبەندی (ئاداتی نیگارشی) هەڵە و بێ جێ، کەڵک وەرمەگرن. مەگەر ئەوەی پاساوێکی تکنیکیتان بۆ بەهەڵە بەکارهێنانی خاڵبەندییەکانتان هەبێ. بۆ نموونە: لە تێکستەکانتاندا لە سێ نوقتە زیاتر ....... هەڵەیە، بێ مانایە؛ مەگەر بە مەبەستی جێخاڵی (بۆشایی بۆپڕکردنەوە) بەکاری بێنن! دووخاڵبۆڕ (نوقتە کاما) یان سێ خاڵبوڕ، یان زیاتر، پێکەوە، هەڵەیە! وەک ئەمە: ؛؛؛؛؛! کۆتایی ڕستەکان پاراگرافەکان نوقتەیان دەوێ! بۆڕ (کاما) لە زمانی کوردی دا زۆر گرنگە، چوونکە پێکهاتەی زمانی کوردی وایە، واتە شێوەڕستە (ڕستەی نیوەچڵ) ـی زۆرە و ئەگەر بە بوڕ و خاڵبۆڕ ڕستەکان لێک جیا نەکەینەوە بەدحاڵیبوون دێتەگۆڕێ. هێمای پرسیار(؟) بۆ ڕستەی سەرسوڕمانی، هەڵەیە. واتە هێماکانی پرسیار و سەرسووڕمان [!؟] لە جێی خۆیان بەکار بێنن، مەگەر ئەوەی ڕستەکە هاوکات هەم پرسیاری بێ، هەم سەرسوڕمانی. هێمای سەیر و سەمەرە و بێ مانای دیکە بێ هۆکار و بێ پاساو بەکار مەهێنن بۆ نموونە: ◌ٚ◌ٓ ◌ٓ ◌ٔ◌َ ◌ٓ,,,/ ستیکێر یان ئەنیمەیشێن بەکار مەهێنن.

٦ ـ کاتێک دیالۆگ بۆ چیرۆکەکانتان دەنووسن بە هێمای تەقەڵ (خەتی تیرە) و لە سەرەتای ڕستەدا دیالۆگەکە دەست پێ بکەن، بۆ نموونە:
ـ تکایە تێ بگەن، ئەوە زۆر گرنگە.
ئەم هێمایانە بۆ سەرەتای دیالۆگەکان هەڵەن: [+ : > = *]
٧ ـ ئەگەر لە کاتی دیالۆگ نووسێ دا گوتم، گوتت، گوتی (وتم، وتت، وتی/ ئێژم، ئێژی، ئێژێ) ـیت نووسێ پێویست ناکات تەقەڵی بۆ دیاری بکەی. تەنیا بە گیوومەی سەرەتا و کۆتایی قەوارەی دیالۆگەکانتان دیاری بکەن. بۆ نموونە:
لەکاتی دیاریکردنی یاساکان پێم گوتن: "دیالۆگ ئاوا دەنووسرێ!"

ئاوا هەڵەیە:
گوتم:
ـ جوان سەرنج بدەن! (واتە هەم دوو نووقتەی سەریەک و، هەم بۆڕ، پێکەوە هەڵەیە)
ئاوا درووستە:
گوتم: "جوان سرنج بدەن!"
هەروەها تەقەڵەکانیش لە سەرەتای دیالۆگەکان جیابکەنەوە.
-ئاوا نا!
- ئاوا!
-- ئاواش هەڵەیە، دوو تەقەڵ (ـ ـ) بۆ سەرەتای دیالۆک درووست نییە. دەبێ یەک تەقەڵ بێ (ـ).
٨ ـ لەزمانی کوردیدا دوو بزوێن بەدوای یەکدا هەڵەیە. بۆ نموونە ئەم وشانە هەڵەن: کۆێڕا، کۆوا، کۆێ، کۆێم... ئاوا درووستن: [کوێڕا، کوا، کوێ، کوێم...]

٩ ـ ئاهـ ـیش ئاوا دەنووسرێ: ئاهـ نەک ئاوا: اه [ لە زمانی کوردیدا "ئا" ئاوا نانووسرێ: "ا". ئەوەش "ە" ئەیە، نەک هێ. هێ ئاوا دەنووسرێ "هـ"]

١٠ ـ ئەم (;) نوقتە کۆمایە (خاڵبورە) بۆ تەختەکلیلی ئینگلیسییە، نەک کوردی، زۆرکەس ڕەچاوی ناکات، لەکاتێکدا ئەم خاڵبەندییانە زۆر گرنگن و دەبێ زۆر گرنگیان پێ بدەن.
ـ ئەم بۆڕ و خاڵبۆڕانە هەڵەن: ; ,
ـ ئەمانە درووستن: ؛ ،

١١ ـ تکایە هێمای سەرسووڕمان و پرسیار و نوقتەکانیش (خاڵەکانیش) بە سەرەتای ڕستە نوێیەکانتانەوە مەنووسێنن. بۆ نموونە:
ـ من ڕۆیشم.تۆ هاتی (ئەوە هەڵەیە)
ـ من ڕۆیشتم. تۆ هاتی (ئەوە درووستە)
ـ من بڕۆم؟!تۆ لێرەبی؟! (ئەوەش هەڵەیە)
ـ من بڕۆم؟! تۆ لێرەب؟! (ئەمە درووستە)

١٢ ـ ئەم خاڵانە و کۆمەڵێک خاڵی دیکە، کە ئەگەر تەنیا سەعاتێک کاتیان بۆ تەرخان بکەن و لە ئینترنێتدا سێرچ بکەن، زۆر هەڵەی نووسین و ڕێزمان و ڕێنووستان چارەسەر دەبێ.

تێبینی: ئەو کەسەی ئەم تایبەتمەندییە گشتییانە ڕەچاو نەکات، لە چیرۆکەڵەدا چیرۆکی بۆ بڵاو ناکرێتەوە. ئەو خاڵانەش وا باس کران "سەلیقەیی و مەندەراوردی" نین بەڵکوو یاسای گشتین و وەک چۆن بۆ لێخوڕی ماشێن دەبێ یاساکانی لێخوڕین بزانین و ڕەچاویان بکەین، بۆ نووسینیش دەبێ ئەو یاسایانە بناسین و، بۆ ئاسان خوێندنەوەی دەق (لێخوڕینی دەق) لەلایەن خوێنەرەوە دەبێ ڕەچاویان بکەین. بەوهیوایەی نووسەرانی کوردیش وەک وڵاتان گرنگیی زیاتر بە ڕواڵەت و پرستیژی کارەکانی خۆیان بدەن!

# چیرۆکی میوان

## «هەرێمی هارپاکووس(هارپاگە)»

... کە پێمنایە سەر خاکی کوردان و چەن ڕۆژێ بەناو کۆڵان و شەقامی شارەکانی دا سووڕامەوە، گومانم نەما کە زیندووترین و بەئەمەگترینی گەلانی دنیا، گەلی کوردە و هیچ قەوم و نەتەوەیەک نییە بە ڕادەی ئەو قەومە سەیرە! ڕایەڵیان بە تەوتەم و ڕەمز و پاڵەوانە مێژووییەکانی خۆیانەوە هەبێ و، بەو ڕێژەیە لە گەڵیان تێکتەندرابن و فەخرو شانازیان پێوە بکەن؛ ڕاکووزین، ئەندامی ڕێکخراوی خەڵکناسی سەدەی شانزەیەمی زایینی، لە کتێبی "ماد، بابێل و پارس" دا کە ساڵی ١٥٩١ لە پاریس چاپ و بڵاو بۆتەوە، لە زمان هێرۆدۆتی مێژوونووسەوە دەڵێت:

"کوروشی گەورە، بڕگەیێکی ژیانی خۆی لە کۆشک و بارەگاکانی باوەگەورەی(ئاستیاگ)دا بردەسەرو لەو پاژەزەمەنییەدا کۆشا سەرنجی هەندێک لە گەورەپیاوانی ماد بۆ لای خۆی ڕابکێشێت. ئەو زاتە پیرۆزە توانی بە ژیری و لێهاتوویی، دزە بکاتە ناو زێهن و دەروونی کەسوکارو خزمانی باوەگەورەی، کە یەکیان ناوی "هارپاکووس" و وەزیرێکی دەستڕۆیشتووی ئیمپراتۆرییەکەی بوو. دواتر کاتێک کوروش، تەخت و بەختی دەسەڵاتدارییەتی باوەگەورەی تێک شکاندو کودتای لێ کرد، ئەم زاتە پیرۆزە لە بەدەسەڵاتگەیشتنی دا ڕۆڵی سەرەکی گێڕا و وەک ئەندازیار و مێعماری ئیمپراتۆرییەتی هەخامەنشیان ناوی خۆی چەسپاند."

هەنووکە دوای ٢٥٠٠ ساڵ تێپەڕین بەسەر ئەو ڕووداوە مێژووییەدا، دەبینین کە چی تابلۆ، ناونیشان، برەند و پڕوپاگاندای سەر بەڕێوەبەرایەتییەحوکومی، سەنتەرەمەدەنی و تەنانەت شوێنەگشتییەکانیشە، ناوی "هارپاکووس"ی مەزنی پێوە دەدرەوشێتەوەو، تێپەڕینی زەمەن و کاتیش نەیتوانیوە تەنانەت، پیتێکی پەرپووتی لێ بسڕێتەوە:

ـ قایمقامییەتی "هارپاکووس"

ـ ئەنجوومەنی شارەوانیی "هارپاکووس"

ـ بونیادی گەشەی فەرهەنگیی "هارپاکووس"

ـ هۆڵی سینەمایی "هارپاکووس"

ـ ناوەندی مووسیقی "هارپاکووس"

ـ ناوەندی ئەدەبی هونەری "هارپاکووس"

ـ خەڵاتی ئەدەبیی "هارپاکووس"

ـ هەفتەنامەی سیاسی فەرهەنگیی "هارپاکووس"

ـ گۆڤاری ئەدەبی هونەریی "هارپاکوس"

ـ کتێبفرۆشی "هارپاکووس"

ـ قووتابخانەی بنەڕەتی، ناوەندی و دواناوەندیی "هارپاکووس"

ـ پارکی گشتیی "هارپاکووس"

ـ ڕێستۆڕانت و چێشتخانەی "هارپاکووس"

ـ کافیشاپی "هارپاکووس"

ـ سوپێرمارکێتی "هارپاکووس"

...

---

"بەشێک لە سیاحەتنامەی باستیەن ژێسمەن/ چاپەمەنی ژووپیتێر/ پاریس/ ٢٠١٧ی زایینی"

◆ ڕزگار لوتفی



Sidar Eren

# بەتامی چیرۆک

**ناسر عەبدووڵڵاهی:**

مام عەوڵا زۆر ئی تەواو نییە، جا لەسەر ئەو ناتەواوییەی خۆشڕا توشی مایسیریە بووە.

ڕۆژەکێ عەمەلیاتی لەبۆ دەکەن و دێتەوە ماڵێ هەرچی دێ لێی دەپرسی:

ئەوە چت بووە؟

کوێت عامەلیات کراوە؟

کەنگینت هەست پێ کردووە؟

ئەدێ بۆت زوو نەدەکرد؟

مام عەوڵاش دەبێ جەوابێ هەمان وەدا، زۆر هیلاک و ماندوو دەبێ لە حاڵی خۆ وەڕەز دەبێ لە تاوێ ئازارێ و لەوان هەموو پرسیاران؛ دەو وەختیشدا بایز زۆربلێ وەژوور دەکەوی، جا مام عەوڵای زۆری دانوو دەگەڵ بایزی ناکوڵن و جامینی بایزی نانی هەموو دەمێیان لەشکر لەبەرەکە، بایز دەلێ ئەی عەوڵا ئەوە بۆت خۆ دە جێی ناوە؟ بەخوای نەمزانیوە ئێستاان لە مزگەوتێ باس کد،

چت بووە؟

کوێت عامەلیات کراوە؟

مام عەوڵای ئاوی دەگاتە ئێستکان هەڵدەستی پاتۆڵێ دادەنێ و قونێ دە لای بایزی دەکا و دەلێ هــا ئەوەتا دەستکاری ئێراان کدووە. دڵت ئاوی خواردەوە؟

◆ دۆستێک گێڕایەوە کابرایەیەک دەناسم سێ ژنی هەیە. ڕۆژێک دەبینێ لە نێودێ ژنێک بن کلکی جوانەگایەک دەخورێنێ، ئەویش لێی دەپرسێ ئەرێ ئەوە بۆ بن کلکی ئەو جوانەگایە دەخورێنی؟ دەڵێ وەڵا مانگایەکەمان بەکەڵە بەڵکوو زەکەری بێتە دەرێ و ئەو مانگایەی لێ چاکەین! دەڵی جا بۆ بە قونخوراندن هەڵدەستی؟ ژنە دەڵێ ئەرێوەڵڵا. پیاوەکە دەڵێ بۆ خاتری خودا هەتا زووە لێرە برۆ، بەخودا سێ ژنم هەیە بزانن ک.... بە قونخوراندن هەڵدەستێ شەوێ لە قونم وەردێن مسقاڵێکی تێدا نایەڵن هێندەی هەڵدەکرێنن!

**عەبدووڵڵا ئیسماعیلی:**

دۆستێک گێڕایەوە؛ ژن و مێردێک بەینیان ناخۆش دەبێ و دەنگ لێک هەڵدەبڕن و بۆ ماوەیەک قسان پێکەوە ناکەن. ڕۆژێک مێردە کیلۆیەک گوێز دەکڕێ و دەچێتەوە ماڵ. کابرا دوو کوڕی دەبێ، کیلۆ گوێزە لەکن خۆی دادەنێ جار نا جارێک یەک دوو گوێزیان بۆ داوێ دەڵێ بیانخۆن ک٠٠٠٠تان زەلام بێ. ژنە کە گوێی لەو قسەیە دەبێ پەردەی نێواناخۆشی هەڵدبڕێ و دەڵێ داوەشێی! ئەگەر وا دەزانی بۆ بۆخۆت پێنج شەش دەنکان ناخۆی!

بەوجۆرە ژنە و مێردە ئاش دەبنەوە.

**بۆکانی:**

خودا عافووی کا یارەببی، لە سەرەخۆشیی ساحیبی، ئەو نەقلەم کە وەبیر هاتەوە بۆ بزەی لێوی دۆستان هەر لە مزگەوتی حەزرەتی عومەر دەینووسم. (ناوەکان و لەقەمەکان گۆڕاون.)

عەلی چڵکن پیاوێکی فەقیرحاڵۆکە لە بنەماڵەیەکی قەدیمی ئەسڵە بۆکانییە. ساڵی شێستویەک و دوو کە بۆکان بە دەستی دەوڵەت دەگیرێتەوە، وەلیە ڕیش فەرماندەی سپای پاسداران، خەڵک لە مزگەوتی بازاڕی بۆکان وەخڕ دەکا و دوای هەڕەشە و گوڕەشە و ترساندنێکی یەکجار زۆری خەڵکی دەڵێ کێ قسە و شتێکی هەیە ئەوە میکرۆفۆن، بێ قسەی خۆی بکا. عەلی چڵکن کە کەوشەکانیان لێ دزیبوو هەستا و چووە پشت میکرۆفۆن و دوو جارانی فوو پێدا کرد و کوتی: (بسم‌اللەالرحمن‌الرحیم)، لەگەڵ سڵاو و ڕێز بۆ ڕێبەری پایەبەرزی ئینقیلاب و ڕۆحانەتی پاکی شەهیدان و ڕەزمەندەگانی ئیسلام؛ لە کونی ق.... دایکی ئەوەی بەم کەوشەکانی دزیوم و نامداتەوە، سڵاوات!

**ڕۆژیار:**

کاک عومبەر ناوێک لە گورگەمێشی ئێوارەدا، لە مەزرا بەتەمایە چا سازکا. دێ کوچکە ئاور دابنێ. لە تەنیشت خۆیە بەردێک دەبینێ وەک بناغەی سەرەتای کوچکەکە سەیری دەکا. بەری دووهەم و سێهەمیش دێنێ و دایاندەنێ؛ کەترییەکەی لەسەر دادەنێ.

قەرەمشقاڵێک ساز دەکا. ئینجا خەیاڵ پیلی دەگرێ و لە تالاری زەماوەندی عەلیی کوڕی دەیگێرسێنێتەوە. بە میوانان داهاتووە و بەخێرهاتنی کردوون. چەند گەڕێک هەڵپەڕیوە و شاباشێکی باشی داوە؛ پڵاوەکەی خواردووە و لەبەر دەرکی تالار سیلەی لە دەستودیاری میوانان گرتووە. گیرفان و باخەڵی لێ ئاخنیوە. کتوپڕ کەترییە ڕەش قلپەوە دەبێ؛ ئیدی هەرچی تانوپۆی خەیاڵە دەپسێ!

تۆمەز بەردی هەوەڵ، کیسەڵێکە سەری لە قاوغی ناوە و سەری لە کاعومبەر شێواندووە. دواتر کە تینی ئاورەکەی بۆ دێ لەجێی خۆی دەترازێ و کوچکە ئاورەکەش لەگوێن باڵاخانەکانی "مسکن مهر"ی سەرپێڵ تێک دەقرمێ!

- **سەرچاوەی ستوونی "بەتامی چیرۆک":** "کاناڵی تێلێگرامی "با قسەی خۆش ون نەبێ"



📷 Keyvan Rasooliazar